



**شیعر**

**عەبدولڕەحمان فەرهادی**

**هەولێر – ٢٠١٧**

لەسەر بوودجەی (پایتەختی ڕۆشنبیری) چاپ کراوە

* ناوی کتێب: چۆڕاوی تریفە.
* شیعری: عەبدولڕەحمان فەرهادی.
* مۆتیڤی شاعیر: قەرەنی جەمیل.
* نووسینی بەرگ: محەمەد زادە.
* دیزاینی بەرگ: باسم رەسام.
* سەرپەرشتی هونەری: عوسمان پیرداود.
* دیزاینی ناوەوە: عیسام موحسین.
* چاپی: یەکەم.
* چاپخانە: حاجی هاشم.
* لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٤١٣)ی ساڵی ٢٠١٧ی پێدراوە.

# توانەوە

**کە سەرماننایەوە**
**کتێبەکانمان**
**دەبنە بەڵایەکی گەورە**
**بۆ ژن و منداڵەکانمان.**
**ساڵێ دوای ئەوەی سەرمان ئاودیو دەبێ**
**ئەوان، ژووری کتێبخانەکانمان**
**بەتاڵ دەکەن**
**سەرجەم کتێبەکان دەخەنە ناو**
**فەردەی گەنم و**
**گوشی پەتاتە و**
**کیسەی چیمەنتۆ و**
**عەللاگەی نایلۆنی پێڵاو و**
**کارتۆنی قەبە**

لە لاژوورێکی هەورەبانەکەی کەڵەکە دەکەن
دوو ساڵ دواتر
ژنەکانمان
دوای شەکەتی و
ماندووبوونێکی یەکجار زۆر
بە مێشک و دەروونێکی هیلاک و داتەپیوەوە
بە بێزارییەکی تاقەت پرووکێنەوە
کارتۆن و فەردە پڕەکان
نایلۆن و گوشە پەتاتەی پڕ بیرەوەری
بە مەمنوونییەوە
بە دیاری دەدەنە سەنتەرێکی لاوان
لە لاکۆڵانێکی گەڕەکەکانمان،
دواتر دێنەوە ماڵەوە و
دەستی ئۆخەی بەرز دەکەنەوە
بە ئیسراحەت و
دڵ و دەروونێکی خەم لێ بڕاو
بە مێشکێکی سافەوە
لە ژووری کتێبخانەکەی ماڵەوە
هێمن، هێمن
لینگی لێ ڕادەکێشن و
لێی دەخەون.

کتێبەکانیشمان لەو سەنتەرەی لاوان
دەبنە خۆراکی مۆرانە و مشک و مێروو.
شەممەی دواتر
ژن و منداڵەکانمان
ژووری کتێبخانەکەی ماڵەوەمان
دەکەن بە ژووری نانخواردن
پڕی دەکەن لە کاونتەر
کەوچک و پلێت و قازان
ڕۆژانی هەینی
دەعوەتی قەبە قەبەی لێ دەکەن
هەر کە تێر دەبن
عرت عرت پێدەکەنن
لێناگەڕێن دراوسێ ماندووەکانیان
سەرخەوێ بشکێنن
کە تازەکێ، لە قوڕکاری و شێلمفرۆشی و
نۆبەتداری هاتوونەتەوە.

* * *

# چۆڕاوی تریفە

-١-

پاییز بە باوەشێ خەزەڵ
بە نووزەی پڕ لە حوزنەوە
بە ڕەنگی زەرد و نارنجیی
هەر چوار دەوری لێ تەنیوم
تاکە گەڵای درەختێکی
جێماوی دارستانێکم
نە بای ئەجەل دەموەرێنێ
نە وەیشوومەی سەر بەرەو ژوور
ڕۆشناییت لە نێو پێکهاتەم
تا ئەبەد دادەمرکێنێ.

* * *

-٢-

زەردەپەڕ زۆر زوو
بەر لە کازیوە
زەنگی سپێدە بۆ خۆر لێدەدا
خۆریش هێشتاکە هەر لە خەودایە و
مەستیی دوێنێ شەو بەرینەداوە
بۆیە لەشەرمان
بای باڵی دەدا و
دێ کپ و بێدەنگ
بە تیشکی گەرمی
گەردوون پڕ دەکا
لە شەوق و شەبەنگ.

* * *

-٣-

خۆر شەپۆلی تیشکەکانی
دەکاتە دیاریی جێژوانمان
ئێمەش گۆزەیێ ماچوموچ
تێکەڵ بە شیلەی زەمهەریر
بە ئاونگی ڕووح داپۆشراو
بە باڵی شەبەنگ دەنێرین
بۆ خۆری بە گڕ داگیرساو.
❋ ❋ ❋

-٤-

خۆر ڕۆژانە چەپکێ تیشکی
تێکەڵی خاکی مانگ دەکا
مانگ چۆڕاوی
تریفەمان پێدەبەخشێ
ئەم وڵاتە پڕ پڕ دەکا
لە ڕەنگی شیر.

* * *

-٥-

لەگەڵ کازیوە

خۆر، باقوبریقی پرشنگەکانی

بە باڵی هەتاو

دەخاتە پۆستەی هەسارەکانی

بەڵام من ڕۆژی تازە داهاتووم

لە عیشقی پڕ لە نووری تۆ بۆ دێ

پرشەی ڕووناکیت پڕ ناخم دەبێ

بۆیە هەمیشە شیعرم دادەکا

گەردوون پڕ دەکا لە سیحری وشە

تەمومژ دەڕوا و ورشە بە لووزەو

لە لێڕەواری بێ نوام دادەکا.

* * *

-٦-

ڕووم کردە مانگ:

ڕووباری شیری تریفەت

لە کوێ هێنا بیڕژێنێتە ناو سپێنەی

چاوانی یار؟

- تیشکەکانی خۆر ڕۆژانە دەمبەخشنێ

لە تیشکی خۆریشم پرسی:

- ئەم هەموو پرشنگەت لە کوێ

دەست دەکەوێ؟

گڕکانەکانم ڕۆژانە بۆم دەنێرن

ئەوان لە کوێوە دەیهێنن؟

خۆر هاتە وەرام و گوتی:

تەقینەوەی جەرگەی خاکم،

گڕ و ورشەی عیشقی تۆیە

سەرچاوەکەی.

* * *

-٧-

شەوانە مانگ
چی تریفەی دەشت و دەر و
چیا و چۆل و ڕێوبانی هەن
ورد ورد کۆیان دەکاتەوە و
دەیاننێرێ
بۆ شوهبێ بەر لە داڕژان
ئەویش لەنێو
خورجینەیەکی ڕەنگ زیویی
وەردەپێچێ
دواتر تک تک
دەیرڕژێنێتە سپێنەی چاوانی یار.

* * *

-٨-

دەڵێی شەوقی زەردەپەڕی
وا نارنجی دەچیتەوە
ئاونگی بەر خۆرەتاو و
شەبەنگی بەر ورشەی باران
منیش گەڵای هەڵوەریوی
دارستانێکی غەمگینی
زەردەوەبووی وەرزی خەزان.

* * *

-٩-

خۆر چەند تاڵێکی پرشنگی
بە شاباڵی سەمەندەرێ
بۆ پاییز نارد
ئەویش ڕۆژێ دای بە خەزەڵ
خەزەڵ بردی
قردێلەیەکی گوڵگوڵی
لێ دروست کرد
ئەوەتا وا لە قژتایە.

* * *

# بیری کۆڵانی عارەبان دەکەم

بیری منداڵیم دەکەم
ئەوکاتەی دەستی
عەبدولڕەزاقی برامم دەگرت و
بەیەکەوە دەچووینە مەکتەبی بۆتان
لەوێ سەرو پێنج فلووسمان دەدایە
موحسینی مام تەهای هاوڕێمان
کە لە ئێمە هەراشتر بوو و
دەرەقەتی شەڕەشەقی حانووت دەهات و
کێکی عەینەکی بۆ دەکڕین و
پێش ئەوەی بماندات
سەرو گەززەی لە کێکەکان دەدا.

دوای زەنگی مەکتەب
خۆمان بۆ لێدانەکانی
مامۆستا عەبدوڵڵا شەفیع و حوسێنەفەندی
ئامادە دەکرد و لە ترسانا
نە ئاگامان لە دەرس و دەور دەما و
نە لە یەکتر.
بیری گریانەکانم دەکەم
لە هەژمەت ژانی پەنجە بچکۆڵەکانم
کە مامۆستاکانمان
بە حەیزەرانان بەرماندەبوونێ
بیری بازبازێنەکانم دەکەم
بەسەر جۆگەلە پڕ لە قوڕەشینەکانی
کۆڵانی عارەبان،
کە قەت و قەت
تێر گەمانی ئەوێ نەدەبووم.
بیری لۆبیا و شامینۆکەکەی مام سۆفی دەکەم
ئێستێکەش تامیان لە زارم ماوە.
بیری نیو لەفە تورشییەکەی مام عیزەدین دەکەم
کە تا هێوارە تێری دەکردم.
بیری عەسەلیاتە ڕەنگاوڕەنگە پڕ لە لێموندوزییەکەی
سابیر دەکەم

وای کە مزر و خۆش بوو،
هەر کە دەمکڕی ، داروچکەکەیشیم دەکرۆشت و
قەت پارەم نەبوو تێری لێ بخۆم.
بیری لاسکە قەلۆغانەکانی
دەست ڕەزوان حەمید دەکەم
خرمەخرمی وان لە گوێچکەکانم.
چەندی دەنووزامەوە ، لاسکێک چەندە ؟! نەیدەدامێ.
بیری برژانگ و چاوە زەق و جوانەکانی
سالاری خدرخانچی دەکەم کە ترووکانی نەدەزانی.
بیری غارەغاری بەکری ئیبۆ بەربەر دەکەم
کە دەتگوت پەلیکە و لە غاردانێ لێی دەبردینەوە.
بیری سەرکێشییەکانی قودامەی حاکم عەزیز دەکەم
لێی دەداین و نەیدەهێشت تێر پایسکیل باژۆین.
بیری هاتوهاوارەکانی بەهجەتی ڕەحمەتی دەکەم
کە زەندەقمان لێی چووبوو.
بیری ترمس و کرێمستییە سپی و سۆرەکەی
جەمال عەدۆ و چلوورەکەی ئازۆ دەکەم،
گەر ڕۆژێ پارەیان نەدابامێ و نەمخواردبان
لە حەژمەتان خۆم لە خرتۆرێ وەردەدا و
شێتوهار دەبووم.
بیری حەسارەکەی لای ماڵی سەید خەنجەر دەکەم

که جارجاره لەبەر دەرکی هەڵدەترووشکام و
لە سەرکەوبنکەکانی حەوشیم دەڕوانی.
بیری ستۆدیۆکەی عەریف خدر دەکەم
چەندم حەز دەکرد وێنەی منیش
لەنێو جامخانەکەی هەبا.
بیری پیکابەکەی دووکەڵی مێشێ دەکەم
کە هەموو ئێواران بێباکانە
تا بڕستمان لێ دەبڕا، دوای دەکەوتین.
بیری شەعبانی بەرید و پایسکیلەکەی دەکەم
کە هەمووجار نامەکانی بۆ باوکم دێنا.
وای چەند بیری گۆپاڵە بە باقوبریقەکەی بابم دەکەم
کە چەند ڕۆژ جارێک پێی وەرمدەگەڕاین.
بیری مۆڕە ترسناکەکانی جومعە شێت و
دۆندرمە بە لەزەتەکەی مام جەرجیس و
گەزۆ و لەپزینەکەی ساڵح قەمبوور و
چوکلێتی ئەبوومونیر و بنیشتی ئەبووسەهم و
مەحەلەبییەکەی دوکانی خدر و
کووزە شێلمەکانی غازی دەکەم.
ئاخ .. چەندە بیری کۆڵانی عارەبان دەکەم.
* * *

# هۆشیاری و مەستی

**بۆ مەحموود زامدار**

**پڕ بە گەرووم هاوارم کرد:**
**دە هەڵسەوە،**
**دەوروبەرم کشومات و**
**هیچ وەرامێکم لێ نەبیست..**
**پووشوپەڵاشی زەرد هەڵگەڕاوی دەوری**
**ڕوانمیانێ و سەریان بادا:**
**هەقوایە ئێوە لێبگەڕێن**
**ئێمە هەموو ڕۆژێکی خوا**
**هەموو سەر لە ئێوارەیێ**
**پڕ بە جامێ**
**ئاونگی ڕووحی خۆمانی**
**پێشکەش دەکەین..**
**دار زەیتوونەکەی ژوور سەری**

گوتی: منیش
هەموو ڕۆژێ
چەند قلە زەیتوونێکی ڕەش ڕەشی
بۆ لەبەردەم
پێکە پڕ لە وشەکانی
بەجێ دێڵم..
ئەرێ ئێوەش
دیوتانە چۆن
تفتیلکەکانی سەر دیواری چێورمەی
گشت سپێدان
کە لای سولەیمانەوە دێن
هەموو ڕۆژێ سەرو دانە
لە پەڕەمووچەی شاباڵیان
دەخەنە سەر ڕووحی ئەو و
نەکا ڕۆژێ
لەو بەرزاییە بێتە خوارێ و
لەپڕ ونبێ؟
هاوینان، پۆلە پەڕەسێلکەی ڕەوەزان
ڕۆژانە هێلانە فنجانەییەکانیان
بەجێدێڵن
بەلای ئاوی کەسکوسۆر و

به تەنیشت ئاوی میرییەوە
ڕەت دەبن و
هەر لە دەشتاییەکەی ئەوێ
هەزاران پەڕبەڵەکەی پاشەل خەنەییش
هەڵدەفڕن و هەر هەموویان
دەنووک لە بۆنی هەڵاڵان وەردەدەن و
دێن و لەسەر مەزارەکەی
بۆ چەند ساتێ، لەنگەر دەگرن
پڕ بە گەروویان دەخوێنن.
دوای هەمووشیان
زێوانی دیدە پڕ لە زات،
تێر مەستیی شەو
لەنێو گومەزی تاریکی سەر دەردێنێ
دوا شیعریمان بۆ وەخوێنێ:
لە هۆشیاریما، شادیم مەحاڵە
وەک لە مەستیما، عەقڵم بەتاڵە
حاڵێکە بەینی مەستی و هۆشیاری
بەندەی ئەو کەسەم ئەو حاڵەی حاڵە.*
* * *

*نووسراوی لەسەر کێلی گۆڕەکەیەتی.

# پەرشبوونەوە

-١-
خۆر  تیشکێکی بۆ ئاونگی
برژانگەکانی چاوم نارد
پەرشبۆوە بۆ ڕەنگەکان
سوورەکەی لە ئاڵی لێوت
نارنجییەکەی
لە ڕەنگی نینۆکەکانت
زەردەکەشی ڕوخساری من
کەسکی قردێڵەی قژت بوو
شینەکەی بیلبیلەی چاوت
نیلییەکەشی لە گوڵدانی باخچەکەتان
وەنەوشەکەی گوڵەکانی ناو ئینجانە.
ڕەنگەکان یەک دەخەمەوە
دەبنەوە بە
ڕەنگی تیشکێکی خۆری ئەم نیشتمانە.

-٢-

ئەی تەوارە تەریوەکە
کەی دێیتەوە نێو لانەی دڵ؟
بەجێت هێشتم لە خۆڕایی،
گەر وا بڕوا
مەرگ دەمنێرێتە ژێر گڵ.

-٣-

کاتێ شەونمێ

لەبەر تیشکی تاو دەبریسکێتەوە

وێنەی چاوانتی تێدا دەبینم.

کە خۆت دەکەی بە دڵۆپە باران

شەبەنگ دەبن بە پەلکەزێڕینە

بە ئاسمانی ڕووح

بڵاودەبنەوە.

کە لێزمەی عیشقت بە گوڕ دادەکا

ئێرە پڕ دەبێ لە بۆنی مسک

ئەم ئاسمانەشمان

لێ داگیر دەکا.

-٤-

دووریت
ڕۆژانە وەک داڵێ
بەرەو ڕووی تەنیاییم دێت و
چنگی لە ڕووحم دەئاڵێ.
دووریت .. قەلەڕەشێکە شووم
بە چڕنووکی دڕ و تیژی
هەردوو سپێنەی سینەمیم
لە چاڵی چاوم دەردێنێ،
بەڵام کە تۆ
دووریت دەکەی
بە یادەوەرییەکی بیرچوو
ڕەنگ دێنەوە بۆ بینناییم
ناچار دەبم
تووڕ هەڵبدەم
ساتە شوومەکەی تەنیاییم.

-٥-
پارچەیێ لە ئاسمانی ئەم
وڵاتە غەریبستانە
بە هەور و غوبار و تەیر و
مانگ و تریفەی زیوینی،
بە ئەستێرە و
شوهب و نەیزەکەکانیەوە،
بە تنۆک تنۆکی قەترانی و نووتەکی
دادەدڕم و
بە دیاری بۆ تۆی دەکەم بە
کۆڵوانەیێ،
ئیتر ئاسمان
با بە جوانیت بنازێت و
هەور و غوبار بڕەونەوە،
مانگ تریفەی بڕژێنێتە
نێو سپێنەی چاوەکانت
ئەستێرەش بۆت بخنێتەوە
شوهب بڕژێتە نێو قژت.

-٦-

ڕووحی شمشاڵ
بریتییە
لە هەناسەی
پڕ لە تاسەم.
گەرووی شالوور لێوانلێوە
لە ئاهوناڵەی تەنیاییم.
ڕەنگی زەردم
بە فرچک لە
ئێش و زامەکانی خەزەڵ
بۆ مایەوە،
چاوانیشم
تریفەیان لە مانگ خواست و
کردوویانە بە سپێنە،
دیدەکانم لە بێڵەکۆی ئاقیقەوە
وەرگرتووە و
بۆ بینایيم
کردوومن بە دوو گلێنە،
بۆیە هەمیشە ڕوخسارت
ئاڵوواڵا دێتە بەرچاو.

-٧-

له نێو دیدەم دەبیت بە مانگ
تریفەشت بە بیناییم،
لە ڕووحمدا دەبییە تەوژمی ڕەشەبا
نیو سەدەی عومری بەتاڵ لە
ئاسوودەییم
دەدەیتە دەست
ئینجانەیێ پڕ لە مەستی،
تژیی زەمەق،
ئیتر من خۆم  ڕەگی گومان
لە جاویدانیی زەمەرا هەڵدەکێشم
بۆ دیدەنیت
شەبەیخوون دابێ، دەجەنگم.

-٨-

دڵۆپێ شەونم
لە نێو گەڵای چڵە پوونگێ
خۆی لە هەتاو شاردۆتەوە
چاوەڕوانە کاتێ تۆ دێی
خۆیت بۆ بکا بە ئاوێنە.

-٩-

ئەو ڕۆژەی خۆر بڕیاریدا

سەرجەم بیرەوەرییەکانی

بدا بە هەسارەکانی

زەوی سەری سوڕما و ترسا

نهێنییەکانی هەڵڕژێ،

مانگ ئەو شەوە

بۆ سێبووریی

قاپێ عەرەقی نایابی تەکەرداغی

بە هۆی شوهبێکەوە بۆ نارد،

لەو ڕۆژەوە

زەوی ئەوەندە بەدمەستە

بە کەیفی خۆی.. دەمانهێنێت و دەمانبا.

**-١٠-**

**گەر ڕەنگەکانی تر نەبن**

**ڕەش واتا و نرخێکی نییە.**

*** * ***

* سینەم: سپی لە ڕەنگی زیو.

* بێڵەکۆ: مشکی، خۆڵەمێش، ژیلەمۆ.

* زەمەق: زەمبەق، جۆرە گوڵێکی سپییە.

* زەمەر: وێران و داتەپیو.

* شەبەیخوون: هێرش بۆ سەر دوژمن بە شەو.

# ورده گەڵاکانی پاییز

-١-

نە حەبیبەی مەلا خدر
نە سەلماکەی مەلا ئەحمەد
نە شیرینی
فەرهادەکەی کێوی بێستوون
نە ئیلزاکەی لویس ئەراگۆن
نە زینی مەم
نە شەمی وەلی دێوانە
چاوەکانیان بەقەد چاوی
خۆشەویستەکەی من جوانە.

-٢-

کاتێ زەنگم بۆ لێ دەدەی
دڵم دەبێ بە شالووڕێ
پڕ لە هوزار و نەغمەی نەی
ئاوازی هەزار بە هەزار
کە دایدەخەی دوای قسە و باس
دڵ بەند دەبێ.. نزیک لە خەم
دوور لە باخچەی پڕ لالەزار.

-٣-

هەقە بەم جەژنی قوربانە
حاکمی  وڵاتی دڵ بی
یەکە یەکەی خەمەکانم
بەرەو سێدارە پەلکێشکەی.

-٤-

قژت گوڵی زەردەپەڕە
گۆنات سێوە لاسوورەیە
لێوت کێکی بسکرێمە
دڵت نیشتمانی منە
کریستالی تاجی سەرت
لە گلێنەی چاوانی من
دروست کراوە
دڵم بۆی بۆتە شالووری
میلۆدی و نەوای پڕ ئازار
لە گەرووی کێویا دەچۆڕێ.

-٥-

تاڵێ لە قژت دەدزم

تا لەجیاتی ناسنامەکەم

لەنێو جانتای گیرفانم بێ.

-٦-

پاندانەکەم پڕ دەکەم لە

مەرەکەبی با

قژی تۆی پێ دەنووسمەوە.

-٧-

دوو تاڵ لە برژانگەکانت

دەکەم بە سەوڵ

نەوەکا لە سپێنەی چاوانت بخنکێم.

-٨-

یەک تیشکی خۆرەتاو دێنم

دەیکەم بە قردێلەی قژت.

-٩-

دووریت خەریکە دەمکوژێ
لەم دەشت و کێوی هەولێرە
چی تێدایە! توخوا ڕۆژێ
نەختێ عەتری قژی خاوتم
بە شنەبایەک بۆ بنێرە.

-١٠-

که خەم گریا

دڵۆپی فرمێسکی بوو بە مەرەکەب

شاعیرێکی سەرشێتیش هات

پاندانەکەی خۆی لێ پڕ کرد

شاکارێکی جوانی نووسی.

-١١-

که بە سەیارەی جام ڕەشت
پێچ دەکەیتەوە ماڵەوە
من لە سووچەکە دانیشتووم
حەز دەکەم چاوێکم لێکەی،
دڵی من مەکۆی خەمانە
چی تێدایە! ئیستێ بکەی
چەپکێ لە خەمانم لادەی
نەختێ خۆشی و سۆزی تێکەی؟

**-١٢-**

**ڕێگەی دووریت**

**سەخت و پڕ لە هەڵەمووتە**

**هەر هەمووی هەوراز و تەلە**

**کۆڵنادەم نا**

**هەر دەتگەمێ**

**ئەی شیرینتر**

**لە شیلەی گوڵ و نەستەلە.**

- ١٣-

منت دایە دەست تەنیایی

نازانی خەمێکی قووڵە؟

بۆ خۆت تێت تەقاند ڕۆیشتی

من ئەم حاڵەم چۆن قەبووڵە؟

-١٤-

تۆ و تەنیایی

من لەت دەکەن!

-١٥-

گۆزەی دڵم لە جێی شەڕاب

پڕاو پڕە لە عیشقی تۆ!

-١٦-

که با
قژت دێنێ و دەبا
تووڕە دەبم،
خۆزگە من بام لە جیاتیی با
قژی تۆم شانە کردبا.

-١٧-

ئەگەر قژت دەریا بووایە
من شنەبای ئاسمانی بەرینی دەبووم
یان نەورەسێکی عەودالٚی
دوای شەپۆلی شێت و شووری
عاشق بە قژی ژنێکی
زۆر دوور لە من.

-١٨-

بۆنی قژی ژنانی هیچ
وڵاتێکی ئەم دونیایە
لە بۆنی قژی تۆ ناچێ.
تا تێر بۆنی قژی تۆ بم
خۆم دەکەم بە قردێلەیەک
بۆ ئەوەی بمدەی لە قژت.

-١٩-

دنیا هەرگیز نابێ بە گوڵ
تا بێرەدا تێنەپەڕی،
دنیا نابێ بە فەرهەنگی
پڕ لە خەم  و ئێش و ئازار،
گەر تۆ لە کوچە و کۆڵانی
غەریبیدا
تاک و تەنیا جێم نەهێڵی.

-٢٠-

ئاخ لە ملوانکەی گەردنت

وای لە گەردانەکەی ملت

وێنەی دڵێکی یاقووتیی  وا بەسەرە

هەراسانم کە نازانم

چاوی چەندین عاشقی شەیدای لەسەرە.

-٢١-

بريا وەک دڵدار

لە تافی لاوی سەرم ناباوە

وەک ئارسەر ڕامبۆ

جوانەمەرگ بام

وەک فایق بێکەس

چل و سێ ساڵێ ژیابام

نەک لەو پاییزەی وەرزی تەمەنم

تووشی وەیشوومەی

عیشقی ژنێ بام.

-٢٢-

بۆ ئەم جەژنی سەری ساڵە
بە بێ تۆ بۆ هیچ لا ناچم
با بۆ نیگات ببمە کەتوان
لێوی پەمبەت تێر بماچم.

-٢٣-

ئەی ژیان
پەڕی باڵندەیەکم پێ ببەخشە
تا لە شەققەی باڵ بدەم و
خۆم تێکەڵی ئافتاو بکەم
ئەم کونجە تەنگەبەرە جێ بێڵم
بگەم بە مێریڤانەکەم.

-٢٤-

تەزووێک لە پەنجەرەکەوە

بە بەردەوام

خۆی دەکوتێتە ژوورەوە

نە تەزووی سەرما

نە کارەبا

نە تەزووی ساردی کزەبا

نە تەزووی هەورەتریشقە

نە تەزووی گەرمایی هەتاو

نە تەزووی بەرامەی مەیکەدەیە

بەڵکو تەنیا

تاقە تەزووی عیشقی تۆیە

لێناگەڕێ

لەم کونجە تۆزێ بسرەوم.

-٢٥-

دەبم بە باران
تا ڕووحت ئاودەم
دەبمە کزەبا
قژت دادێنم
دەبمە زەریایێ
تا جەستەت لە نێو شەپۆلەکانم
بێنم و ببەم
دەبمە کانیاوێ
تاکوو ڕۆژانە
جوانیش لە قوڵپەم کز کز هەڵقوڵێ
دەبمە گەردەلوول
تا بئاڵێمە باڵای شەنگەبیت
دەبمە گۆرانی
بۆ وەسفت دەچڕم

دەبمە سیپارە
بۆ ئەوەی تێیدا وێنەی شیعریت بۆ
بە وشە بچنم
دەبمە هەڵۆیەک
هەرکات بمەوێ
لە لا شانێکت وچانێ بدەم
دەبمە ڕیشۆڵە
کە بێ نوا بووم
هێلانە لە نێو قژت چێ بکەم
دەبمە شالوورێ
بە هەڵکردنی سروە و شنەبا
بۆت بچریکێنم
دەبمە گوڵێکی
سورخن لە باخی وەنەوشە و ئیرەم
هەر کە هاتیە لام
بۆت بخنێمەوە
دەبم بە سۆفیی خانەقای عیشق
خەرابات دەکەم بە جێ و مەکانم
بۆ ئەوەی هەر بۆ تاسەت ڕامێنم
لە نێو میحرابی چاوەکانتدا
ڕۆژانە پێنج جار سوجدەت بۆ ببەم

بە بای وەشت دەڵێم.. چیتر دانەکا
قژت تێک دەدا
بە سروە دەڵێم.. چیتر دانەکا
زوڵفت تێک دەدا
بە دەبوور دەڵێم.. چیتر دانەکا
پرچت تێک دەدا
بە نەسیم دەڵێم بە دەم گۆرانی
شنەت پێشکەش کا.

-٢٦-

دەچم بەرەو کەنار دەریا
بەڵکوو بە ڕەنگی چاوت ئاشنا بم
ڕوو دەکەمە قووڵایی ئاسمان
تاکوو ڕووحی تۆی تێدا ببینم
دەچم بەرەو ئەو دارستانە
تا گەڵاکانی
تێر داستانی هەڵوەرینم
بۆ بگێڕنەوە
دەچمە نێو ئەم ڕەشەبایە
تا تێبگەم چۆن ئازاری قژت دەدا
دەبمە هاوڕێی تیشکی هەتاو
تا لە سایەی ڕووت بڕوانم
دەچمە نێو چرکە چرکی کات
بۆ ئەوەی وادەی ژوانت لێ تێکدەم
دەچمە بەر ڕێژنەی بەتاوی تەزرە
تا وێنەی شیعرێ لە قژت بچنم
دەچمە بەر نسێ
تا ڕۆشنایی تۆ لە خۆم داماڵم.

-٢٧-

دیسان جانتای ڕێی سەفەرت
کردەوە کۆڵ ؟
جێت هێشتم بەبێ پرس و ڕا!
کە ڕۆیشتی،
ئاسمان تاریکیی داهێنا
زەویش چیتر بە دەوری خۆیدا نەسووڕا!

-٢٨-

ئاسمان لە چیا تووڕە دەبێ
هەر بۆیەشەساڵێ وەرزێ
بەفر کفنپۆشی دەکا
کەچی چیا
کفندڕێکی سەرسەختە
ساڵانە وەرزێ لەم وەختە
لە نێوانی ڕکابەریی ئاسمان و چیا
بەهارێ نوێ سەرهەڵدەدا.

-٢٩-

بەیانییان زوو
وەک ستوونی
کارەبای سەر شەقامەکان
دێم و لێرە ڕادەوەستم
سەدا سەد دەزانم کە دێی.. تێدەپەڕی
چی تێدایە
بە تیلەی چاو.. نیگایەکم بۆ بنێری !؟

-٣٠-

ڕۆشنایی
شەهوەتی ئەستێرەیە
لە جەستەی ئاسمان.
ئاسمان
شەهوەتی گەردوونە
لە گالاکسیی کاکێشان.

-٣١-

قژت دەکەم بە سابات

با خۆرەتاو لێم نەدا

برژانگیشت بە ڕایەڵ

بۆ منی مەست و گەدا.

# کە شەڕ دەبڕێتەوە

کە شەڕ دەبڕێتەوە
ئەو کاتانەی شەهیدە نەمرەکانمان
تازە چوونەتە خەوێکی ئەبەدییەوە،
هەنگینێ، هەندێ کوڕی ڕۆژ و هەلپەرستی
زەندەقرِژاو
کە فێرببوون لە کۆڵانەکانی ئەودیو ماڵمانەوە
چ کون نەدەما خۆیانی تێنێن،
بە ڕانکوچۆغەی پڕ لە باقوبریقەوە
دێنە سەر جادە و بانان
بە کەشوفش و شەرواڵی سووڕاوەوە
خۆیان بادەدەن و
شەوانیش دێنە سەر کەناڵی تەلەفزیۆنان
داستانی قارەمانێتیی خۆیانمان بۆ دەگێڕنەوە.

ڕۆژنامەکانیش پڕ دەبن لە وێنە و قسە و باسیان،
سەعۆ و فەعۆ لێمان دەبن بە ڕینگۆ و
بێ پرسوڕای ئەوان
کەس ژیانی هەڵناسووڕێ.
کە شەڕ دەبڕێتەوە و دواییی دێ
وا لەپێش چاومە
مێردمنداڵەکەی سەباحی هاوڕێی قارەمانم
لە پۆتیناواوە بۆ شێلمفرۆشی ڕوو دەکاتە پارکی شار
پۆلیس دێن تێی هەڵدەدەن و
شێلمەکەی لێ بەگۆڕێوەدەکەن .
منداڵەکانی سەعۆ و فەعۆش
ڕۆژانە لە دۆلاراواوە بە مینی پاس
تەسلیمی مەکتەبی شوەیفات و هاوشێوەکانی دەکرێن و
جاحێڵەکانیشیان بەخۆیان و کارتی دڕاوی مەکتەبیان
بە نمرەی ساختەی وانەکانیان
لە کافتێریای زانکۆکان بە فیکوهۆڕی جغارەکێشانەوە
سویچی وەنەوشەکانیان بادەدەن.
ئاخ!.. کە شەڕ دواییی دێ
منیش شتێکی وام نامێنێ بۆ دوابڕان.
* * *

# خەستکردنەوەی تەم

## ١- پێشوازی

ڕێژنەی بارانی بەهارێ
بای ملپێچێ
پەلکەزێڕینەی بۆ ناردم،
منیش کردم
بە مافوورێکی مەیلەو سوور
کە تۆ هاتی.. بۆ پێشوازیت
لەسەر ڕێگاکەتی ڕاخەم.

## ٢- ئێرفۆن

سەرم خستە
نێو دیوانی شێرکۆ بێکەس
شەپۆلی وشە بردمی
خستمیە نێو ئۆقیانووسێ
بێبن لە شیعر و لە وێنە،
دەستم برد بۆ
ئەو دێڕە شیعرانەی کە ئەو
بۆ "عەبدولخالیق" ی گوتوون
قامکم بوون بە ترانزیستۆر
نینۆکەکانم بە دایۆد،
تەکنیکار بوو
بە میتۆد و ڕێی ژیانم،
دەستێکیشم بە ئەنتێنا
تەپڵی سەریشم بە ئێرفۆن
بۆ زمانم.

## ٣– مەل

من مەلێکی کەودەریم
لە نساری سەقەمی،
قژی کەسکوونت بترازێ
پەڕوباڵم
ئەلفوبێی فڕینی بیر دەچێتەوە.

## ٤- خۆرهەڵاتن

خۆر سپێدان بەرلەوەی داکا و هەڵێ
سوجدە بۆ باڵات دەبات و
تیشکی تاوت بۆ دەنێرێ و
گەرموگوڕ گۆرانی بۆ جوانیت دەڵێ،
شنە و شەماڵ و دەبووری شاخ و لادێ
لە قژتەوە هەڵدەکات و
بەناو دڵ و
دەروونی ئێمەدا دێ.

## ٥– عيشق

دڵی من وەکوو دار سەروو
ساڵ دوانزەی مانگ سەوز و گەشە
وەرە بە ئەسکەنەی دەستت
لێی هەڵکۆڵە
خۆزگە سەد خۆزگە دەتزانی
چەندە ملیۆن
گەڵای عیشقی تۆی لەکۆڵە.

## ٦- خەستكردنەوەی تەم

پاندانەکەم پڕ دەکەم لە
تریفەی مانگ
یادەوەریی
شەوانی تەنیاییمی پێ
دەنووسمەوە.

* * *

شوهبێ
بەر لە داڕژان
چەند دڵۆپێ
لە پرشنگەکەی بۆ ناردم،
منیش
پاندانەکەمم لێ پڕ کرد
ئەڤینی تۆم پێ نووسییەوە.

## ٧– فۆتۆن

جەستەم پڕ دەكەم لە فۆتۆن
تا ڕووناكیت نوور ببەخشێ
مەگەر نازانی چاوانم
دڵم، هەناسەم، ڕوخسارم
هەمووی ڕووناهیی عیشقی تۆن ؟

## ٨- بەزەیی

هەسارەکانی گالەکسیی ڕێی کاکێشان
گشت سپێدان
ڕوخسەت لە تاو دەخوازن تا
بواریان دا ڕوو بەرەو تۆ وەرسووڕێنن
هەر هەموویان، ئالوودەتن،
خوویان بە جوانیت گرتووە،
بیریان ناچێ پاشکۆکانیان ڕابسپێرن
بترِوانێ
تا لە شەوق و ڕووناکیی خۆت
لە باقوبریقی پڕ پڕشنگ
بەشیان بدەی،
دە تۆش جارێ
ڕەحمێ بە حاڵی نووتەکە شەوی خۆر و
سۆمای چاوی
هەسارە و پاشکۆکانیانکە
چۆڕێ ڕووناکییان بدەیە.

## ٩- عاشق

تۆ و خۆرەتاو
لە هەمان سەرچاوە هاتوون
تۆ لە نەوەی پرشنگیت و
هەتاو لە نەسلی ڕۆشنایی
بۆیە هەردووکتان نووربەخش و
هاودەمن بۆ منی دین و
عاشق بە شیعر و تەنیایی.

## ١٠- باج

زەوی ڕۆژانە ڕشتەیێ
لە گۆرانی
بۆ تەبەشی پانوپۆڕی
مانگ دەچڕێ
بە خەتوخاڵی هەڵدەدا،
نەکا ڕۆژێ
شیری تریفەی نەداتێ و
شەوگاری لێ بەسەرنەچێ.

## ١١- بۆ ژنێک

ڕووەو تۆ دێم
وەک چۆن نەورەس
سینەی بە سینەی هەراوی
دەریای بێبنەوە دەنێ
چۆن سمۆرە
کلۆرەدار دەکا بە ماڵ
بۆ حەسانەوەی بەدەنێ
چۆن ڕەشەبا
دەست لەملانێی
قژی ئاڵۆزکاوت دەکا
چۆن زەردەپەڕ
دەست لە قەد و باڵای ئێوارە وەردێنێ و
هێواش هێواش تا دەخەوێ.. ڕایدەژێنێ
چۆن کازیوە
سپێدان زوو، ڕەنگی زیویی
بە ڕوخساری ئاسۆی ڕوونا دەپرژێنێ.

## ١٢- تاشەبەرد

تەنانەت تاشەبەردێکیش
دواڕۆژ و ڕابردووی هەیە،
کێ دەڵێ ئەم تاشەبەردەش
ڕۆژێ لە ڕۆژان نابێتە
سەکۆی ڕێبوارێکی لاڕێ؟
یان نابێتە
سەرینە ڕەقەی بەژن زراڤی
ناسک و نازدارێ؟
خۆ لەوانەشە
هەڵوەرێ و ڕۆژێ، پارچە پارچە بێ
پارچەیەکی لێ
بکرێ بە خشتی شینە دیوارێ
پارچەیەکیکەی
بهاوێژرێتە لووتی زۆردارێ.

* * *

فۆتۆن: تەنۆلکەی سەرەتایی و کوانتیی ڕووناکییە.

ئێرفۆن: دەنگەوەر، بیستۆک.

ترانزیستۆر: لە پێکهاتە سەرەکییەکانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانە و بەرگریکاری گواستنەوەیە.

دایۆد: لوولەی دووانیی کارەبا و ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانە.

تەکنیکار: کتێبێکی "عەبدولخالیق مەعرووف"ە لەبارەی تەکنیکەکانی کارەبا.

ئەنتێنا: کتێبێکی "عەبدولخالیق مەعرووف"ە لەبارەی ئامێر و دەزگاکانی ناردنی شەپۆلە کارۆموگناتیسییەکان.

گالەکسی: کۆستێرە، گەلەستێرە.

# پەلکەزێڕینەی دوای گەواڵە

## ١- ژێ

شالوور تاکە ژێیەکی
لە گەرووی  خۆی کردەوە
بە سروەدا بۆی ناردم
ئەویش ڕیتمی بۆ دانا و
ڕادەستی پاییزی کرد،
کە تاکە ژێ پێمگەیی
بە خەزەڵ داپۆشرابوو،
تژی ناڵەی جودایی و
پڕ بە بەری تەنیاییم.

## ٢- لەڤەن

دڵۆپێ ئاونگ
لە دووتوێی نامەیەکی تۆ
خۆی خزاندبووە نێو پیتەکان
منیش هاتم بە ئەسپایی
تێکەڵی ڕەنگی گوڵم کرد،
لەڤەن بردی
تا ڕۆژگارێ
یاداشتمان بنووسێتەوە و
پەخشی هەموو دونیای بکا.

## ٣- قردێله

ئەستێرەیێ
چەند هەسارەیەکی خۆی نارد
تا ببنە میوانی خۆر و
چەپکێ تیشکی لێ بخوازن،
دواتر ئەویش
وەکوو دیاری
بیانکاتە قردێلەیێ
تریفەی مانگ پۆستەچی بێ و
بۆتی بێنێ،
بێئاگا بوون
من پێشووتر
چی تیشک و تاوی ئاسمانە
بۆ تۆم کردووە بە قردێلە و
دام لە قژت.

## ٤- قژت

دەستم برد بۆ نامەی پاییز
پەلکەزێڕینە ڕژانە
هەردوو لەپم،
یەکە یەکەم
بە نساری قژت سپارد
ئێستا قژت تیرێژێکە
لە وردە گەڵای پاییز و
ڕەنگە ئاڵووالآکانی
شەبەنگی خۆر.

## ٥- گۆرانی

دەستم برد بۆ نۆتەی شمشاڵ
سەدای نەی بوو
ڕژایە نێو پەنجەکانم
هێنام کردم بە گۆرانی
بۆ تەنیاییم.

## ٦- یادگاری

له چلەی هاوین دەستەمۆت کردم
له زەمهەریری کرێوه
ڕووحی پەژموردەت
پێشکەشی وەیشوومه کردم
ئەی ئەو یارەی ڕۆژانێ بوو
یاقووتی هەنار و
شکۆی سێو و
ڕووحی پڕ شەرمی پرتەقاڵ و
تامی گەلاکانی هەرمێ و
ڕەونەقی جوانی هەڵووژەت
له ناخی خۆت بۆ دەردێنام.

## ٧- پەلکەزێڕینەی دوای گەواڵە

خۆر سترانی ئاوابوونی
بۆ گوڵەبەڕۆژە دەچڕێ
تا وردە وردە بخەوێ.
* * *

**شالوور میلۆدیی  سروودیٚ**

**به دیاری دەداتە سروە**

**دواتر ئەویش**

**هێدی هێدی**

**دەیداتەوە بەو درەختە.**

***  *  ***

شەبەنگی پەلکەزێڕینە
هەر حەوت ڕەنگی
تەسلیمی دەست
نمە نمی باران دەکا
ئەو بەسپایی
لێی وەردەگرێ و
دێ لەنێو قژت دەیچێنێ.
* * *

**پاییز سروودی هەڵوەرین**
**دەکا بە مارش**
**بۆ باڵای زراڤی درەخت**
**ئەویش بەوپەڕی شەرمەوە**
**لەسەرخۆ ڕووت دەبێتەوە.**
*** * ***

## ٨– یادگاری

ئەو شەوانەی تاریک دادێ
ئەوە هەمووی خەتای مانگە
چونکە جارجار
چۆڕ چۆڕ لە تریفەکەی خۆی
دەڕژێنێتە نێو کانیاوی
چاوەکانت.

## ٩- ناسنامە

درەخت هەن بەرگەی
ڕق و کینەی با و
نازی پاییز و
ڕنووە بەفر و
تەزرە و ڕەهێڵە و
هاشوهووشی جۆرەهای جۆر
گەردەلوول دەگرن،
بەڵام ڕەنگە
هەموو درەختێ
ئەمەی پێ نەکرێ.
عاشقانێ هەن
دەیان وەیشوومە و
کانیاوی ئەشکی پڕ سفتوسۆیان
دێتە سەر ڕێگا
مەرگیش لە بەردەم
تیری پێکراویان
دێ چۆک دادەدا،
ئەوەیان منم
عاشقی دیدە
پڕ لە ڕامان و
ئەوک تژی لە
مۆسیقا و سەدا.

## ١٠- من و خۆم

گەورەترین جەنگی دونیا
ئەو جەنگەیە
کە ڕۆژانە
خۆم لەگەڵ خۆم بەرپای دەکەم.
قورسترین چەکی دونیا
لە شەڕی نێوان من و خۆم
لە نێوان جەنگاوەرانی
هزر و دەروون
دێنە مەیدان!

## ١١– بەندە

پێم مەڵێ تۆ کێی!
پێم مەڵێ من چیم!
من لە تۆ زیاتر
بەندەی هیچ کەس نیم.

## ١٢- دوو ڕوو

مانگ پاشکۆیەکی دوو ڕووە
جار جار
نیوە تاریکەکەی خۆیمان تێدەکات و
نووتەك دادێ
جوانیی تۆش دەشارێتەوە
کەچی جار جار
ڕووەکەی خۆی وەردەگێڕێ
کە پڕاو پڕ تریفەیە و
بەشی بەخشینەوەی ناکا،
دێ پرشنگ و ڕووناکی لە
ڕوخساری تۆ دەخوازێت و
دەیبارێنێتە جێژوانان.
* * *

خەزەڵ : ئەو گەڵا زەردە پاییزیانەن کە بەسەر بارینی بەفردا دەوەرن.
ناڵەی جودایی : شاکارە شیعری هێمن ی شاعیرە .
لەڤەن : کەرتوو، جەگەن، جۆرە قامیشێکی باریکە .

# جەلال بەیار

ئێواران بە ویقارەوە
بە تەزبیحە دەنک درشتەکەی دەستیەوە
بە قاتە شەعادەییە تازە ئوتوو کراوەکەیەوە
بە زریزە وردەکەی دەوری بۆیمباخە پەمەییەکەیەوە
بە قژوبژە ئاڵۆزکاوە جوانەکەیەوە
بە ئەنگوستیلە پڕ لە نقێمەکەی پەنجەیەوە
بە بنێشتی ئەبووسەهمی دەمیەوە
بە ڕدێن و سمێڵە تازە تاشراوەکەیەوە
بە قەڵەمە شیفەرەکەی بەریی کراسیەوە
بە گیرفانی پڕ لە کلینیسیەوە
بە سەروتەبەشە شەنگ و پانەکەیەوە
بە باقوبریقی پێڵاویەوە
بە بۆن و بەرامەی زۆرەوە
دەتگوت کوڕێکی چواردە ساڵەیە
بە شەوق و زەوقەوە
لێمان بەژوور دەکەوت جەلال بەیار.

# داڵغە کوشتمی

## ١- داڵغە کوشتمی

کە سەر دەکەمە سەر سەرین
داڵغە لێناگەڕێ
ئاسوودە سەرخەوێ بشکێنم
کە ڕادەبم
داڵغە نایەڵێ
هەنگاوەکانم ڕاستەڕێ بن
کە دەچمە نێو ترۆمبێلەکەم
داڵغە نایەڵێ
بێمە ئەو کۆڵانەی کە
دەمەوێ تێیدا یەکتر ببینین
کە لەسەر خوان دەمێنمەوە
داڵغە نایەڵێ ژەمەکەم تەواوکەم
کە دەمەوێ بەرەو ماڵ ببمەوە
داڵغە ڕێگام لێ ون دەکا
داڵغە نایەڵێ
وەک ئادەمییەکی بێ سفتوسۆ
ئاسوودە بژیم.

## ٢– ژەک

فرچکم بە عیشقت گرتووە
هەر بەو عیشقەش
دەمم ڕژا،
کێ دەتوانێ
ئەو عیشقەم لا کاڵکاتەوە؟
مەگەر تەنیا و تەنیا مەرگ!

## ٣- ململانێ

هەموو کازیوەیێ
خۆر ئاوێنە قۆقزەکانی
لە گوڵەبەڕۆژە دەپێچێت و
یەکە یەکە
پێشکەشی گۆی زەویی دەکا
لە زەردەپەڕ
زەوی چەپکێ
لە گوڵی مەیلەو نارنجی
بە دیاری بۆ خۆر دەنێرێ
زەوی بە ڕامانی قووڵی
لە ئاوێنە و عیشقی پڕ لە
پرشنگی گوڵەبەڕۆژە
دەتریقێتەوە
خۆریش بە نیگا و تەماشاکانی
شەو دەیباتەوە.

## ٤- نیگەرانی

دەمەوێ هیچ نەدرکێنم
دڵم لێمناگەڕێ
دەمەوێ بێدەنگ بمێنمەوە
جەستەم دەموروژێنێ
هەر تەنیایی لێناگەڕێ
کڕ دانیشم
دەستەو ئەژنۆ بەرانبەر بەو،
تەنیایی نایەوێ چیتر
تەنیاتر بم.

## ٥- خۆر و زەوی

خۆر سپێدان
بە ترسەوە
سەر لە زەوی هەڵدەهێنێ
نەوەکا دەست بە تیشکەکانیەوە بنێ و
بە جوانی پێشوازیی نەکا،
زەوی
دڵنیا نییە لەوەی خۆر
دەسنوێژی هەڵگرتووە
یان نا!

## ٦- تەزوو

تەزووێ لە پەنجەرەکەوە
بە بەردەوام
خۆی دەکوتێتە ژوورەوە
نە تەزووی سایەقەیە
نە کارەبا
نە تەزووی ساردی کزەبا
نە تەزووی هەورەتریشقە
نە تەزووی گەرمایی هەتاو
نە تەزووی بەرامەی مەیکەدە
بەڵکوو تەنیا
تەزووی گەرمی عیشقی تۆیە
لێناگەڕێ
لەم کونجە تۆزێ بسرەوم.

## ٧- گیرۆده

ڕووەو تۆ دێم
تا تینووێتیم شێی لێ دەڕوێ
ئەی دوا هەڵووژەی نیمچە گەییوی
دەم کەناری دڵ
دوا دار مێوی پڕ لە ئەنگووری
چاوەڕێی بوون بە شەڕاب
دوا هەنگاوی بەدمەستێکی
هەڵوەدا و عیشقی مەیخانە
من ڕاوچییەکی کەنەفتی
گیرۆدەی تۆڕی عیشقی تۆم.

# شیبوونەوە

هەر دەڵێی ئەوێ ڕۆژێیە
خۆم و پێڵاوی لاستیکی پینەکراوم
ڕۆژم تا تاقی هێوارە
لە سەرەنوێڵک و گوفەکان بەسەر دەبرد.
هەر دەڵێی ئەوێ ڕۆژێیە
خۆم و دەستەیێ منداڵی چەتوونی منارەی چۆلی
شڵپوهۆڕ بەنێو زەلکاوی
قامیشەڵانان غارغارێنمانبوو
دەهاتین کونە مێرووستانمان کوێر دەکردەوە
شانە زەرگەتەمان ئاگر دەدا
داروچکەمان لە کلکی تەیارۆکان دەخست و
دەوبەست و دەوبەست دوایان دەکەوتین
هەتا دەگەیشتینە سەر گەراکانیان.
هێوارانیش وەک سمۆرە

به قەدی درەختەکاندا هەڵدەگەڕاین
ساقەتەسۆرەی سەر تازە جوقاو لە هێلکانمان
لە سەری سەرەوەی دار سەرووەکانەوە
بۆ یەکتری هەڵدەدا خوار.
داردوولکەکانمان
لە پەنجەوانە لاستیکەکانی
سیستەر سەبیحەی دراوسێمان دروست دەکرد
ڕۆژانە پاساری و سوێسکە و تفتیلک و
ڕەنگاڵە و تیترواسک و کۆترەشینکەمان
زۆر بێڕەحمانە جووکە و گمەبڕ دەکرد.
وای خوایە گیان چ شێت و هار و دەبەنگ بووین!
هەر دەڵێی ئەویٚ ڕۆژێیە
مەلا عوسمانی برا گەورەم
لە بەڕەڵایی دەیگرتینەوە و
دەیبردینە لای ناسیح حەلاق و
سەروپۆتەلاکی وەکوو کودوو
لیٚ لووس دەکردین.
کە هەراش بووین
سۆز و گریە و هەڵقرچانمان بۆ ڕابردوو
کێویٚ خەمی خستینە کۆڵ
وەی لێلیٚ.. وەی لێلیٚ.. وەی لێلیٚ

خەممان کرد بە
پیت و وشە.. ڕستە و کتێب
سۆز و گریە و هەڵقرچانمان
بۆ ساڵانی تەمەنی زوو
گۆچانیشی خستینە مست
ئێستاکێ.. من
چاوەڕێی ڕۆژانی ترم
لەدوای هەڵفڕینی ڕووحم،
لەدوای تەسلیم بوونی جەستە
بە وێرانە خاکی ئەوێ
کوڕەکەم دێ..
ئەنگوستیلە پڕ لە نقێمەکەی دەستی چەپم
گشت پاندانە پارکەر و شیڤەرەکانم
جانتا چەرمە پڕ لە نامە کۆنەکانم
بۆینباخە نارنجی و مارۆنییەکەم
قاتە ئوتووکراوەکانم
چاویلکەکانی خوێندنەوەم
ئایفۆنەکەم
میدالیا و کلیلەکانم
سەعاتە زنجیردارە سێ قورمیشییەکەی باسکم
سیدییە پڕ لە گۆرانییەکانی ناو قەمەرەکەم

ڕادیۆ گرۆندیکە دیجیتاڵەکەی کە
دکتۆر مەجید بەدیاری پێشکەشی کردبووم
لاپتۆپەکەم.. کە پڕە لە نهێنیی پیرەمێردانە
پڕاوپڕە لە چاتی هەڵگیراو لەگەڵ ئەم نێر، ئەو مێ
تژی لە وێنەی دەگمەن و بیرەوەری،
لە بەردەم باخی شار
بە بەرچاوی خانەنشینانی هاوڕێم
لەسەر عەرەبانەیەکی شەقوشلۆق
مەزاد دەکا.
ئەرشیفی وێنە زەوەندەکانم
کە لێوانلێون لە ژیاننامەی ئیسماعیل گەیلانی و
مەهدی خۆشناو و پیرباڵ مەحموود و
دوکتۆر مارف خەزنەدار و ئەنوەر مەسیفی و
کەریم شارەزا و جەوهەر غەمگین،
لەو گۆڕەپانە ڕادەخا
کە هەر هەمووی بۆ ماوەی دە دەقیقەیێ
دەبن بە ئاردی ناو دڕک،
دەبنە تۆزی دەم ڕەشەبا.

* * *

# پیاوە جوانەکەی وێرانە
# خاکی مەعمەل قیڕ

بۆ مەحموود زامدار

سەعات شەشی هێوارە
بەخۆ و قۆڵی بەستراوتەوە
لە دەرگاکە دەردەکەوتیت
سڵاوێکت بە دەستی چەپ دەکرد
ئەو دەستەی کە قوونکە جگەرەیەکی سۆتەک درێژ
لە کەلێنی پەنجەکانی باڵابەرزە و دۆشاومژە
حەجمانی نەبوو.
دەهاتی خۆت و
جانتا چەرمینە قاوەییەکەی دەستی ڕاستت
کە پڕ بوو لە مەزەی سەفەری و

وردە کاغەز و نینۆکبڕ و ڕۆژنامە و قەڵەم جاف،
سماقی ناو نایلۆنە لوولەییەکەت
بە ددانان هەڵدەزڕاند
ئەو ددانانەی نینۆکیشی پێ دەکرتێندرا و
گرێی قەیتانیشی پێ دەکرایەوە.
بە قەڵەمبڕەکەت، قاچکە توور و
لەتە ئاروو و کووزە سێوت
لەسەر کلینیسەکە ڕادەخست
دەنکە نۆکی برژاوی نێو گیرفانی
چاکەتە مارۆنییەکەی کە لە لەنگەت کڕیبوو،
دەدایە بەر خرموهۆڕان،
بە دەستی چەپت
ملی باریکی قاپە ئۆزۆکەت دەگرت و
وەستایانە.. قرررررررچ
قەپاغەکەیت هەڵدەپچڕی و
پەنجەی شایەدمانیت بەنێو قەپاغی تەڕی ئارەق دادێنا و
سەر و ڕوخسار و قژی چەرمووت
پێ چەور دەکرد،
هوردە هوردە پڕووشکی جاجیک
سواخی کراسە مەیلەو شینەکەتی دەدا،
دواتر، پێک پێک بەدیارمانەوە

بەدەم گفتولفتی پڕ لە بەرائەت
شەوانی ئەبونەواس و
یادەوەرییەکانت لەگەڵ هێمن و زەبیحی
دەخستە گۆڕێ.
پێکە ئارەقی پڕ لە سماق تەواو دەبوو،
پێک نوێ دەبۆوە
دواتر هۆن هۆن.. بە مەقامات
لە عەلی مەردانەوە پێدادەهاتی
تا حەمەساڵح دیلان و ڕەفیق چالاک و مامە سێوە،
دوا تنۆکی ئۆزۆت دەنۆشی
دەی هەڵقوڕێنن.. برادەران
وەی دایە.. وەی دایە.. وەی دایە..
دواتر،
ماندوو ماندوو.. هیلاک هیلاک
لە (بی ئێم)ەکەی ئیسماعیل گەیلانی دادەبەزیت و
بەرەو لانەی پڕ لە بەرامەی کاغەز
بۆنی مەرەکەب
بۆنی پیتەکان
لەنێو جەنگەڵی قەڵەم و وشە
چەند ساتێکی کەم، پرخوهۆڕ لێی دەخەوتی
پاشان خەوزڕان، هەتا بەیانی.

**هێوارەی دواتر دەردەکەوتیەوە**
**هەمان بەزم و ڕەزمەکەی جاران.**
**ئۆۆۆف.. مەرگ لێنەگەڕا سەفەرەکەی هەتا سەر بێ**
**ئەو پیاوە سەمەندەرەی لێسەندین**
**ئێستا لەوێ**
**لە وێرانەخاکی مەعمەل قیڕ**
**قیت قیت**
**بڵند بڵند**
**بێ هەست و خوست**
**لێی ڕاکشاوە.. ئەو پیاوە جوانە.**

* وێرانە خاک: قەسیدە بەناوبانگەکەی تی ئێس ئێلیوت ە کە مەحموود زامدار کردوویە بە کوردی.
* مەعمەل قیڕ: گۆڕستانێکی باشووری خۆرئاوای هەولێرە کە مەحموود زامدار ی لێ نێژراوە.
*وەی دایە.. وەی دایە.. وەی دایە: لە دەمی مەحموود زامدارەوە وەرگیراوە.

# چنگێ زەنگیانە

-١-

بیستووتە تۆ
عەنبەر خاتوون بێ مەولەوی؟
نالی دوور بێ لە حەبیبە؟
جزیری بەبێ سەلماخان؟
لەیلێ و مەجنوون و دابڕان؟
شیرین بێ فەرهادی کێوان؟
شەهرەیار بەبێ شەهرەزاد؟
ئەی چۆن دڵت دێ جێبێڵی
ئەو شاعیرە سەرشێتەی خۆت
کە نان و ئاوی ڕۆژانە
هەر گریان و زارییە بۆت؟

**-٢-**

**پاییز نۆتەی**

**بۆ ئەم دارستانە دانا**

**بۆ ئەوەی درەختەکانی**

**هەرکات ویستیان**

**بە پەنجەی ناسکی شنە**

**نەی بژەنن.**

-٣-

نەوەک هەر با

بە شای عەرشی عیشقیش بڵێ

بۆ بیر لەوە دەکاتەوە

دەست بۆ قژی کاڵت ببا؟

ئەو چوزانی

وەک پەنجەی من

قژی تۆ وا جوان شانەکا؟

-٤-

شەوگار بەبێ ئەبونەواس
چ ناخۆشە
هەزار و یەك شەو بێ بەغدا
یەك فلسی قەڵپ نایەنێ
قەلاْ بێ خانی لەپ زێڕین
هیچ کەسێ پشتی پێ نادا،
منیش بێ تۆ
نازانم چۆن
ناخم پڕ نابێ لە ستەم!
ڕووح هەلا بە هەلا نابێ و
هەڵنابزرکێ خوێن لە جەستەم!

-٥-

تۆ و خۆرەتاو

لە یەک سەرچاوەوە هاتوون

تۆ لە نەوەی پرشنگیت و

هەتاو لە نەسلی ڕۆشنایی،

بۆیە هەردووک دووانەی یەکن.

-٦-

که تۆ هاتی

خورجینەیەک

ڕۆشناییت لەگەڵ خۆت هانی،

ڕووناکیی تاو بێ نموود ما

خۆر تێی تەقاند

لە کاکێشانا دیار نەما،

پرشنگ و تاو

بەگوڕ ڕژانە سینەما

هەسارەکان

ڕێڕەوەکانیان بزر بوو

تۆ خولگەت بۆ دانانەوە،

نۆ هەسارەکەی کاکێشان

بە دەوری تۆ دەخولانەوە.

-٧-

خۆرەتاو چەندە ڕووناك بێ

لە ڕۆشنایی ناگا بە تۆ.

-٨-

**من بریتیم**

**لە دیوەخانێ پڕ شیعر**

**تۆ بریتیی**

**لە کانیاوێکی پڕ عیشق**

**لە ئاسمانێ پڕ پڕ کۆتر.**

-٩-

دەستم برد بۆ قەڵەمەکەم
دێڕێ شیعرت بۆ بنووسم
ڕستێ زەنگیانەی پەمەیی
لە وشەکان
بوون بە گەردانە بۆ ملت.

-١٠-

زەمەن ڕەهەندی چوارەم بوو

کە ئاینشتاین دایهێنا

تۆ بۆ من پێنجەم ڕەهەند بووی

کە تا ئێستا هیچ فەیلەسووف و زانایێ

پەی بە نهێنیی نەبردووی.

-١١-

كە ملوانکەکەی گەردنت

پسا.. مرواری بوون ڕژان

یەکە یەکەی

مووررووی مرواریی گەردانەت

بوون بە وشەی

دێڕە شیعرێکی یەکجار جوان.

-١٢-

که تیشکی خۆر

دای لە چاوت

کردییە شەبەنگ

ئاوێزە بوو

شیتاڵی کرد

بۆ هەر حەوت ڕەنگ.

-١٣-

قژت دەکەم بە سابات
با خۆرەتاو لێم نەدا
برژانگیشت بە ڕایەڵ
بۆ منی مەست و گەدا.

-١٤-

ئەی یار

ئەگەر هەزاران عاشقی شەیدات هەبن

باش بزانە

بە تەنیا من

عاشقی ڕاستەقینەتم،

هەر تەنیا من

شەیدای دیدار و جێ ژوان و

لەنجەو لار و

دوو گومەزی سەر سینەتم.

-١٥-
نه هەمزەتۆڤ تێر بینینی
داغستان بوو
نه ئۆرهان پامووك ئیستەنبوڵ
نه هێنری میللەر نیویۆرك
نه سێرڤانتس تێر دۆن کیخۆت
نه مۆرافیا تێر ڕۆما بوو
نه نەجیب مەحفووز قاهیرە
نه فرانز کافکا تێر پراگ بوو
نه تۆلستۆی تێر پترسبۆرگ
نه چارلز دیکنز تێر لەندەن
نه مارکیز تێر ماجدالینا
برادەران..
نه دانتی تێر بیاتریچ بوو
نه حاجی قادر تێر کۆیە
نه پیربالْ مەحموود تێر هەولێر
نه کەریم تێر جوانیی ستی
نه پیرەمێرد تێر بینینی سلێمانی
نه مەحموود زامدار تێر مەستی
نه شێخ حەسیب تێر بینینی
کەژاڵی جوان
نه من تێر بینینی تۆ بووم
شۆڕەژنی دەشتودەر و باخ و شاران.

# چنگێ زەنگیانەی تر

-١-

شەماڵ حەز دەکا

گۆرانییەك

پێشکەشی درەختەکەی

بەردەرگای

ماڵەوەتان کا.

-٢-

مانگ خەریکی دەم و چاو شووشتنە
خۆی بۆ ئاوا بوون
ئامادە دەکا.

-٣-

خۆر لە کانیاوی چاوانت

دێ خۆی دەشوا

تاکوو هەر بەو ویقارەوە

بچێتەوە حوزووری شەو.

-٤-

پاییز دەفتەرێکی پڕ لە نۆتەی

تەسلیمی دەستی سروە کرد

تاکوو وردە وردە تاری

سیمفۆنیای درەخت بژەنێ.

-٥-

خۆر چنگێ ئاو
لە ئاوی دەریا وەردەگرێ
بۆ ئەوەی بەر لە ئاوابوون
خۆی پێ بشوا.

-٦-

بەر لەكازیوە

تریفەی مانگ

بە ئاگا دێ

تا چنگێ ئاو

لە ئۆقیانووسێ بخوازێ

بۆ ئەوەی لەگەڵ تیشکی تاو

بە بریقەوە سەر دەربێنێ.

-٧-

مانگ

چمکێ لە خەرمانەکەی خۆی

دەدا لە ئەگریجەی زەوی

تا وای لێبکا

هەمیشە ماخۆلانی بێ.

-٨-

**زەوی سۆز و عیشقی زۆری**

**پێکەنین و زەردەخەنەی**

**بەردەوام بۆ مانگ دەنێرێ**

**سەرسامە بە خەتوخاڵی،**

**نەکا ڕۆژێ لێی بتۆرێ**

**لە تریفە بێبەشیکا،**

**بیخاتە هەواری خاڵی.**

-٩-

خۆر خەریکە

وردە وردە ئاوا دەبێ

تیشکەکانی

بە پەلە دەپێچێتەوە

نەوەکا نووتەک تیشکێکی

لێ بدزێ و

بە ئاوابوونێ ڕانەگا.

-١٠-

تیشکەتاوێ

خۆی لە پەلکەزێڕینەیێ

مارە دەکات

بە مەرجێ چەند شەبەنگێکی

بکا بە قردێلەیەک و

وەک مارەیی

بە دیاری بۆ قژی بەرێ.

-١١-

عیشقی تۆ چمکێ ئاگری

پەلکێشی نێو دەروونم کرد

تۆ دەمێکە

بوو وی بەکوانووی نێو ماڵم.

-١٢-

که خۆر

چەند تیشکێکی

لە زەوی دەشارێتەوە

ئاسمان پڕ دەبێ لە هەور و

ڕەشەبا ڕقی ئەستووری

بە تەزرە و باران دەسپێرێ،

کە لە پڕ تۆ دەردەکەویت

تاو بە لێزمە سەردەردێنێ

خۆر پرشنگی شۆخ و جوانمان

بۆ دەنێرێ.

-١٣-

مانگ دوو پەنجە تریفەکەی
لەسەر ڕوخساری خۆر لادا
ڕۆژگاری جوانیی ڕووت دەرکەوت.
خۆر پەردە پڕ خەمەکانی
ناخی منی بەخۆی دادا
شەوگار ڕەنگی
ئەبەنووسی ڕەشی بەرکەوت.

-١٤-

خۆر لە گڕکانەکانی خۆی
چەند یاقووتێکی مەیلەو نارنجیی
هەڵگرتەوە،
تا بە دیاری
بۆ ئەستێرەیەکی چاوکاڵی
ڕوومەت سورخنی بنێرێ
کە لەمێژە
چاوچاوانێی لەگەڵ دەکا.

-١٥-

مانگ چەند تیلمێ
لە تریفەی
بۆ هەسارەی گەلاوێژ نارد،
ئەویش دواتر
کوڵوانەیەکی لێ چنی
تا پێشکەشی گۆی زەویی کا.

# دەڵێی لووزەوە بارانی

دەڵێی لووزەوە بارانی
لەپڕ دێی بەخوڕ دادەکەی
برووسکەی گەواڵە هەوری
عیشقت لە ناخم ڕادەکەی.
* * *

وەک پەڵە هەوری ناو ساوی
بریقەت دێ و دەچیتەوە
یان ڕنووە بەفری لاپاڵی
بۆ ناخم شۆڕ دەبیتەوە.
*   *   *

چما تۆ شنەی شەماڵی
یان دەبووری لای هێوارە
سروەی سپێدە و بەیانی
یا بای وەشتی لەم هەوارە؟
* * *

**چرکەیێ نییە لە ژینما**
**لێت دابڕێ بیر و هۆشم**
**چیی تێدایە ئەگەر تاوێ**
**ئازارت لەدەست نەنۆشم!**
*** * ***

تەمەن چەشنی درەختێکە
لە پاییز نزیک بۆتەوە
سایەی عیشقت زیندانێکە
بۆ ساتێک لێی نەبۆتەوە.
❊ ❊ ❊

**عیشقت ئەوەندە بەسۆیە**
**شەو و ڕۆژم لێ گۆڕاوە**
**هەموو کاتێ وا دەزانم**
**تەمەن لە ڕێتا دۆڕاوە.**

*** * ***

بەسە تاکەی ببمە دینی
دەشتودەر و شاخوداخان
تەزووی عیشقی پڕ لە ژانت
ڕۆژێ بمکوژێ لە داخان.
* * *

# که هاتنەوە

که هاتنەوە
گیرفانیان پڕی مێوژ و
کۆڵەپشتیان
پڕ پەلکەنان
هەگبەشیان تەنیا دەنکە بەڕووی تێدابوو
سوارڕۆیان پیادەڕۆیی بوو
بنهەنگڵیان پڕ لە بەرامەی مامز و
ناولەپیان بۆنی پەرسیلە و
لاملیان قیت و بڵند بوو
پرێسکەی بەرپشتێنیشیان

مشت بوو لە پوونگ و
نامەی عاشقانەی جۆراوجۆر
ژنەکانیان دەنکە باوییان کردبوو
بە ڕشتەی مرواریی ملیان
ئەوکات زێڕینگر پەی بە ماڵی نەبردبوون
ئەوانیش هەروەکوو جاران
بە کەوا و بنباخەڵ و کراسی ئاودامانەوە
بە چلکەزییەوە دەهاتنە
سەر عەرەبانەی نێو کۆڵان
هێشتا خوڵمکەی ئەسیوبییان
بەگەڵ نەکەوتبوو
شامپۆی قژیان، بەتەنیا گڵی سۆرک بوو
ئەوکات هێشتا
فێری کۆستم و تەنوورە و
مینیژۆب و تیشێرت و دیۆرا و
ماسکارا و کرێمئەساس نەبووبوون
ئەوان.. کە هاتنەوە
خانووچکەیان لە مشەمما چێکردبوو
ناندینی ماڵەوەیان
وەکوو خەڵک
لە دوو سەرکە پیواز و

سێچوار نووردییە نان و
حەفتهەشت کەوچک و لەنگەریی فافۆن بەولاوە
هیچی تری تێدا نەبوو
ئەوێ ڕۆژێ
هێشتا فێری شیفۆن و ستێک و سەلەموون،
دێلیڤێریی ڕێستورانتی پێنج ئەستێرە نەبووبوون
ئەوان کە بەوپەڕی دژوونی هاتنەوە
لە ئێستا پاک و شەنگتر بوون
تەماشای بەژنی زراڤت کردبان
زیت و توولاز
هێشتا وا هەڵنەدەفابوون
ئەوکات
پێڵاویان لە پەلکی دار بەڕوو بوو
لە پرسەی هاوڕێ شەهیدەکانا
سەری پەنجە گەورەیانت
لە گۆرەوییە دڕاوەکانیان زەقزەق دەدیت
ئەوان ڕۆژان لای خەڵک و خواش مێریڤان بوون
شەرواڵیان لە دەوارە ڕزیوەکانی
باڵەکایەتییەوە بۆ دەهات و
بەخۆشییەوە لە لوولاقیان هەڵدەکێشا
بە ناوپستێری سووڕاوەوە

پەلکەزێڕینەیان دەکردە پشتێن و
کۆمپانیایان بریتیبوو
لە جزدانە بچکۆڵەکەی نێو گیرفانیان
لە وردە کانزا بەولاوە
هیچیتری تێدا نەبوو
دار جغارەکەی دەستیشیان
لە دار بەلاڵووک و دارمازیی چیاکانەوە
بەدەم لێلێ وەسۆوە بۆ دروست کرابوو و
هێشتا ناوی چرووتی کووبییان نەبیستبوو
پایپی فەڕەنسییان قەت لەلێو نەنابوو
ناوی مارکەکانی پێرکاردن و بۆس و ئیف سانلۆرانیان
قەت بەبەرگوێ نەکەوتبوو
ئەوان کە هاتنەوە
بە قومێ ئارەقی فەلی لای بەعشیقە
دەکەوتنە دونیای خەیاڵێکی سەرمەدی
نە وەک ئێستا ژەنگن بە ویسکیی سەتساڵە
ئەوکاتەی تازە هاتنەوە
دەروازەی ماڵەکانیان هەروەکوو ئێستا
پڕ نەبوو لە کۆد و گاڵە
دەرگاکانیان
دەروانی بێژماریان لێ نەوەستابوو

چۆن قەمتەرەت ڕاکێشابا
لێیان بەژوور دەکەوتیت و
نان و ماست و ئەستوورکت لەگەڵ دەخواردن
هێشتا دایەی منداڵە ژیکەلەکانیان
دەستیان لەگەڵ
پاسەوانە سمێڵ بابڕەکانیان
ئاوا تێکەڵ نەکردبوو
گەنیو جەستەی نەپۆشیبوون
گولی و بۆیە سەرو ڕوخساری بۆز نەکردبوون
لەسەر جادە و بارەگا و بندیوار و
ناو باژێڕ و چایخانەکان و
سێبەری دارتووی بەردەم دوکانان
لە هەموو شوێنێ دەبینران
ئەوان دەمان کاسپەرئاسا
ڕەنگی برووسکەیان نەگرتبوو،
کە هاتنەوە
لەگەڵ ئێمە دەکەنین و
لەگەڵ ئێمەش هۆڕ هۆڕ
بە بانگ و سەڵا دەگریان.

* * *

# بۆنی پوونگ

-١-

خۆر تاڵە تیشکێکی خۆی
بە باڵی سەمەندەرێ
بۆ تنۆکێ شەونم نارد
ئەویش خستیە گیرفانی
تاکوو دەمەو ئێوارە
زەردەپەڕ بوو بە میوان
شەوقێکی دایە شەونم
کە شەونم تاڵە تیشکی
لە گیرفانی دەرهانی
ببوو بە پەڕی تاووس
کۆتر ملیان پێ ڕەنگ کرد
ئاسۆ خۆی پێ داپۆشی
سروشت کردییە مافووری
پڕ لە پەلکەزێڕینە.

-٢-

شالوورێکی وێڵ و سەرمەست
بە چاوی پڕ خومارەوە
هاتە نێو دێڕە شیعرێکم
کە دەنووکی لە پیتەکانی ناوت دا
سروشت پڕ بوو
لە بۆنی پوونگی بەهاری
هەر ئەوکاتە
تەمێکی پڕ باقوبریقی
شەبەنگاوی
بەلووزەوە بۆ داباری.

-٣-

ڕۆژانە دەچمە نێو ڕەزێ
بولبولێکی دەنووک مۆری
وێڵ و تەریو
دەنووک لەنێو بۆڵێ ئەنگوور
بزر دەکا
سەرمەستانە سەر دەردێنێ
ڕەز و باخ و دەشتودەریش
پڕ دەکا لە
سەدا و نەوای
شەپۆلەکانی میلۆدی
بە چریکەی سەرمەستانەی

دەمخاتە نێو
خەیاڵی خۆشی مەیکەدە
لە کونجێکا
بێ بادە و مەی
بە ئازارێ دەتلێمەوە
پڕ لە نیهادی تەنیایی
وەک هەمیشە بەیادی تۆ
دەکەومە ناڵەی جودایی.

-٤-

نیوەڕۆیان
تیشکێ خۆر لە ڕۆچنەوە
خورجینەیێ
پڕ لە نسارم بۆ دێنێ
تژی لە بەفراوی وشە
شێدار بە ئاونگی شیعر و
مشت لە ڕەنگی
شین هەڵگەڕاوی وەنەوشە.

-٥-

خۆر مشتێ لە
ئەلەندی دەمەو کازیوەی
ڕژاندە نێو گیرفانی تەم
ئەویش دایە بەر بارانی
تیشکی ئارەنگی ئەستێرە
دواتر کردیان
بە پەلکەزێڕینە و ناردیان
بۆ ئەو ئاسمانەی کە تۆی لێی.